# ئازادبوون لەئازادی

نیگار نادر

ئازادی کەلێی وەژورکەوتی وەکی ئەڤ دیواربەندە ئاوێنە بەندەیە کەمرۆ لەهەر لایەکی ڕا بەشێکی ڕووی خۆ دەبینێ،دەکرێ بڵێین ئازادی هەرگیز هەموو ڕوو لایەکانی خۆت پێکڤەوە پێشان نادا لێ دەوروبەر هەموو ئەدگارو دیوەکانی ڕووت بەجوداوبەتێکهەڵکێشی دەبینن وراڤەی دەکەن بەومانایەی ئازادی دیوێکت بەدەوروبەر پێشاندەدا کەبۆ خۆ هەرگیز نابینی ئازادی هەمە دەنگ و هەمەڕەنگ و هەمە مانایە هەموو مرۆیەک دەتوانێ بچتە نێو ڕوو ڕەنگێکی ئازادی لێ گەلەک بەدەگمەن نەبێ ئازادی لە هزی مرۆیەک دا هەڵناقولێتەوەو ڕۆناچتە ناو ڕوحی مرۆگەلێک لە دونیایەدا بەتەهنێ بەچاو دەچنە ناوئازادی مرۆگەلێکی دی بەزمان و هەندەکی دی بەهزرو هەندەکی دی بەزەین و هەندەکی بەجەستە لەبۆیە کەم مرۆ بەهەموو ئەندامەکانی جەستەیان دەچنەناو ئازادی وئازادیش زۆر بە دەگمەن نەبێ بەهەموو ڕەنگ ودەنگ و مانا فرە زاراوەکانی لەقولآیی مرۆیەکدا رەگ دادەکوتێ هەموو ئازادیەک دەبی بەقوڵی بهێتەتێهزرینێ،چونکە دەمی واهەیە مرۆ دەگاتە خاڵێکی ئازادی پێی وایە تەواو ئازادەو بۆ هەموو پرسێک ئازادی دەکاتە دروشم و دەیەوێ هەتاهەبێ خۆ بەئازادی هەڵواسێ وبەدەسبەسەر لەدەوروبەری بڕوانێ تاریفکردنی ئازادی هێند هەمەڕەهەندەکەگەلێک بەسەختی زەین و زمان دەرەقەتی دێن و سەری لێدەردەبەن,هەروەختێک مرۆ ئازادیەکی خۆرسک و تۆکمەی لەناو هزریدا هەڵێنجا وئازادیەکی تۆکمەی لەناو زمانیدا وەسەریەک نا ئەودەمی دەبێ دەست وزمان لەبۆ هەرکایەکی سیاسی ئەدەبی و مێژوویی بەرێ هەڵەتەنابێ وبەتەهنێ لەچاوی خۆ را لەئازادی ناڕوانێ هێندەی پێویست دەست و زمان هەڵدێنێ ,لێکهەڵوێرنەکردنی ئازادیەکان هەمیشە بەڕووی نەتەوە بندەستەکانەوە دیارەو هەموو دەمێ بەبێ ئەوەی هیچ تێروانین و پرۆژەیەکیان هەبێ بەکتوپڕی وبەسەرسامی زەین و چاوو باوەش لەبۆ هەموو ئازادیەک ئاوەڵادەکەن وپێشیان وای چۆن مێژوو سیاسەت وئەدەب لەقاڵب دەدەن دەبێ ئەوهاش ئازادی بپارێزن هیچ وەختێک نابنە خودان گوتارێکی ڕەخنەیی لەسەر ئازادی و رەهەندەکانی.

هەندک مرۆڤ خوو بەئازادیەوەدەگرن هەتا ژیان بەڕێ دەکەن ئاگایان لەهیچ نیەلەبەر تاریفی ئازادی گەیشتن بەئازادی،هەندەکی مرۆڤی دەکەش نەخۆشی ئازادی دەگرن نوسەرو سیاسی و ئەدیبی نەتەوەبندەستەکان بەر لەهەموو شتەک خوو بەئازادی یەوەدەگرن بەبێ هیچ بنەماو ڕەچەڵەکێکی فیکری و هێندەزمان کورتن وەکی توتی هێندەئەو وشەیەدەڵێنەوەو بەهەموو بەرەلآیی و ڕەهایەک سەرسام دەبن و بەدەسکەوتی ناوزەد دەکەن.

ئازادی بەهەموو وشەیەک پێناسەدەکرێ و دەگەڵ هەر وشەو دەستەواژەیەک تێکەڵ بکرێ مانایەک دەدا،مانایەکانیهێند زۆرن هێند وردن هێندەچرن گەلێک ئەستەمەهەموو مرۆڤێک تەواو لێیان حاڵی بێ بۆ نموونەژنی ئازادو کوردوستانی ئازاد ڕۆژنیەلەچەندین دەزگاو کەناڵی ڕاگەیاندا نەوەشێنرێن و بەبێ ئەوەی نەژنی کورد ئازاد بێت و نەکوردوستانیش ئازاد بێت.
لێک هەڵوێردنەکردنی ئازادیەکان ترسێکی گەورەیەو هەموو ئازادیەک پەیوەندی ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆی هەیەبەئازادیەکی ترەوەوەکو ناوەرۆک ،لەبەر هەندێ ئەگەر مرۆڤ زۆر زانا نەبێ ناتوانی هەر یەکێکیان بپارێزێ وهەست بەوسنورانە بکات کەرهەرهێندەی تاڵە موویەکن وبە ئاسانی دەبەزێنرێن و دەگەڵ

چونە ناو ئازادیەک وپراکتیک کردنی ئازادیەک دەبتە هۆی پێشێل کردن و شێواندنی ئازادیەکی دی.

بۆیە زۆربەی ئەو ئازادیانەی ئەوڕۆ بونەتە دروشمێک و سەرتاپای کۆمەلگەی کوردی پێی سەرقاڵ بووە ئەگەر بەوردی تێیان ڕامێنن و دەبینین هەریەکەیان بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەتی حیزبێک یا تاکێک یا دەزگەیەک دەکار دەبرێ و پاش ماوەیەک لەبیر دەکرێ.

بۆیە  ئەو ئازادیانەی دەبنە هۆی دەسخەرۆ بوون و دەستەوەستانی و بێ بەها بوونی  ژیان لێ ئازاد بونیان ئازادیەکی بەهادارە.

..